# ئەو چیرۆکەی بەقوربانی فۆرم کرا

## خوێندنەوەیەک بۆ فیلمی (سرتە لەگەڵ با)

فەرزین کەریم

«سرتە لەگەڵ با» ئەم ناو و نیشانە بەپێچوپەنایەی فیلم، خۆی لەخۆیدا ئەدرێسە بۆ خوێندنەوەی. لەشیکردنەوەی واتایەکەیدا، دەشێت هەم بخرێتە نـــاو بازنەی واقیع و دەکرێتیش بڕواتە جیهانی خەیاڵ و فەنتازیاشـــەوە. یەکەم فیلمی بلّندی دەرهێنەر (شـــەهرام عەلیدی)یە کەبەشداری لقێکی شەست و دووەمین میهرەجانی (کان)ی سینەمایی، یابەواتایەکیتر رroonتر بەشی هەفتەی رەخنەگرانی کردووە و سێ خەڵاتی وەرگرتووە.



بیرۆکەی فیلمەکە باسی پیاوێکی بەساڵاچوو دەکات کەلەگەرمەی پرۆسەی قڕکردنی خەڵکی کوردســـتان بەهۆی ریکۆردەرێکـــەوە دەنگی خەڵک بۆ ئەو کەســـوکارانەیان کەلێیان دوورن تۆمار دەکات، دواتر وەک تەتەرێک دەنگەکە دەگواستەوە بۆ وەرگرەکان...

وەکـــو یەکەم کاری زۆر لەدەرهێنەران کەدەخوازن زۆر لەهزر و بۆچونەکانیان بئاخنـــە ناو یەکەم ئەزموونی گەورەیان، ئەم فیلمەش بووەتە ئەو هەگبەیەی کەپڕە لەتووشەی هەڵێنجراو لەناو هزری نووسەرەکەیدا (کەخودی دەرهێنەرە) و رەنگدانەوەی واقیعێکە کەبەســـەر خـــۆی و گەلەکەیدا هاتووە. لەفیلمەکەدا هەوڵـــدراوە چ لەچیرۆکـــی ســـەرەکی فیلـــم و چ لـــەرووداوە لاوەکی و لق و پۆپەکانی چیرۆکەکەدا، باســـی زۆر لەو کارەســـاتانە بکرێت کەلە هزری نەک تەنیا دەرهێنەر بەڵکو هەر تاکێکی دڵســـۆزی گەلی کوردســـتاندا چەسپاوە. بۆیەشە هەگبەکە باسی ئەنفال و شەڕی دژی رژێم و شەڕی براکوژی و سنوری دەستکرد و مێژووی نەنوســـراو. تاد تێدایە. هەموو ئەم بیۆگرافیەی گەلێکی خێـــر لەخۆنەدیویش لەوانەیە گونجاندنیان بەبارتەقای فیلمێکی ٧٩ خولەکیدا نەکرێت. بەڵام کەدیمەنی یەکەمی فیلم، بەپڕبوونی جامێکی شـــەراب دەست پێـــدەکات و دواتریش لێیدەڕژێت، لەوانەیە ئـــەوە هێما بێت بۆ مکوڕبوون و سنور بەزاندن لەبینینی پانۆڕامایەک لەو کارەساتانەی بەسەر گەلێک هاتووە کەتووشی قەهری زەمانە و مرۆڤانە بووە.

فیلمەکە ویســـتوویەتی بەپشت بەستن بەخســـتنەڕووی دۆخ و هێماو دیمەنی دژ بەیـــەک، هەوڵبدات کەپەیامەکانی خـــۆی بگوازێتەوە، هەرچۆن لەزۆربەی



دیمەنـــەکان لەرووی چوارچێوە و ناوەڕۆکەکانیـــان، تابلۆو کەڤاڵی زۆر جوان خولّقێندراوە، بەتایبەتیش کەفیلمەکە زۆرتر بەرەو (فیلمێکی جادە) دەڕوات و لەڕێگادا بێبەش نەبووە لەدیمەنە جوانەکانی کوردســـتان بەهۆی وێناکردنی لەفیلمی ســـوپەر ٣٥ملم و لەچوارچێوەی سکۆپدا، تا لەرێگادا چیرۆکەکەش لەرەوتی خۆیدا بەردەوام بێت. بەڵام ناوەڕۆکی ئەم تابلۆ جوانانە بەپێچەوانەی رواڵەتەکانیان خەماوی و ماتەمینین. نمونەی بەرچاوی ئەمەش دیمەنی هاتنی ژنە رەشپۆشەکانی کەســـوکاری ئەنفالکراوەکانە بۆ ناو فەزایەکی ستاتیکیدا، کەلەهەمان کاتیشدا نزیک دەبێتەوە لەفەزای سینەمایەکی شاعیرانەدا.

لەڕووی دژ بەیەکی دیمەنەکانیش ئاماژە دەکەم بۆ سکانســـی زەماوەند کەلە چوارچێوەی بازنەیەکی هونەرییانەدا خراوەتە روو، بەڵام لەسکانسی دوابەدوایدا تێکشکانی بازنەکە و گۆڕەپانێکی کوشتارگەی خەڵکەکە دەبینین.

ئەم دژ بەیەکیە تەنانەت لەســـوود وەرگرتن لەکەرەستە و هێماکانیشدا خۆی دەبینێتـــەوە هەر چۆن پاڵەوانـــی فیلمەکەو چیرۆکەکـــە لەنواندنی (عومەر



چاوشین) لەو دیمەنەی کەبەئوتومبێلەکەی بەرەو زەماوەند دەڕوات، کەدەگاتە لای کاروانێکی ئوتومبێلە سەربازییەکانی ڕژێم لەبەر بەرژەوەندی مارشی سەربازی لێدەدات، بەڵام کەلەلایانەوە تێپەڕ دەبێت خێرا کاسێتە دەنگیەکە بەگۆرانیەکی شاد دەگۆڕێت.

ئەوەی کەپتر ئەم دژ بەیەکیەی ناو فیلمەکە بارز و بەرجەستە دەکات، بەتەواوەتی خۆنەبەستنەوەیە بە (واقیع)یان بەپێچەوانەکەی (ناواقیع)ە، بەدرێژایی فیلمەکەدا. لەهەندێک بەشدا، هێڵی گشتی گێڕانەوەی بیۆگرافی ئەم گەلەو گواستنەوەی بەشەکانی پانۆرامای کارەساتەکان، تەواو واقیعین. بەڵام کەنزیک دەبێتەوە لەزمانی دەربڕین بەڕێگای هێماکانەوە، بەرەو سینەمایەکی نائاسایی و سوریال دەڕوات. بۆ وێنەش، دیمەنی سوریالیستی لەسێدارەدانی رادیۆیەکان لەسەر دارێکی گەورە. ئەو رادیۆیانەی لەواقیعدا نیشانەن بۆ ژیان و ئازادی و راگەیاندن و گەیاندنی دەنگی حەقخوازی گەلێکی خەباتگێڕ و لەهەمانکاتدا خێر لەخۆ نەدیو.

بەکارهێنانی ئەم دژ بەیەکیە تەنانەت لەهەندێک شوێندا بووەتە هۆی ئەوەی کەدەنگ لەبەرامبەر رەنگ یان ئاوێتەیەکی رەنگ و دەنگ بەراوردکاری بخولقێنێت. بەتایبەتیش، لەو دیمەنانەی کەدەنگی پرخەی خەو دێت کەهەندێک جار لەزمانی تەنز نزیک دەبێتەوە. لەوانەش دیمەنی گێڕانەوەی مێژووی کورد لەدیمەنێکی تارادەیەک شانۆیی، بەڕێگای پیرەژنێکی گۆچان بەدەست لەپشت پەردەیەکی سپی لەناو دیوەخانەیەکدا. لەو دیمەنەدا،



وێڕای ئەوەی کەباسی مێژووی راستەقینەمان دەکرێت، بەڵام لەباکگراوندا دەنگی پرخەی خەو دەبیسترێت کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی مێژووی ئێمە لەسەر زارەکیەوە تێپەڕ ناکات و کەمتر نووسراوەتەوە و گرنگی پێدراوەیان لەدیمەنی بەکۆمەڵکوژی خەڵک کەنایلۆنیان پێدا دراوە، دیسان پرخەی خەو زاڵە بەسەر فەزایەکدا، وەکو ئەوە پێمان بڵێت ئەم کەسە کوژراوانە چوونەتە ناو خەوی ئەبەدییەوە!

هەندێک جاریش ئەم دژ بەیەکیە لەناو خودی دیالۆگەکان کەخاڵی زۆر بەهێزی فیلمەکەن و لەلایەن (جەبار جەمال غەریب)ی نووسەرەوە نووسراونەتەوە، بەدی دەکرێت. هەر دیسان لەدیمەنی دیوەخانەو پیرەژنی حەقایەتبێژ دەبیستین کە: (مەغۆل و ئەسکەندەر و تورک و عارەب و خەڵکانی دیکە بەردەوام هێرشیان بۆ سەر کوردستان هێناوە و ویستوویانە بیمرێنن، بەڵام کورد لەبری ئەم چەندە قەت هێرشی نەکردووەتە سەر هیچ گەلێک و جیرانێکی و بەردەوام لەدوای هەر هێرشێک خەریکی دووبارە ئاوەدانکردنەوە بووە. بەردەوام بەدوای نەمریدا گەڕاوە.

لەهەڵسوکەوتی کاراکتەری تەتەری دەنگیش لەفیلمەکەدا، دووبارە ئەم دژ بەیەکیە دەبینین: لەسەرەتا تاپێش کۆتایی فیلمەکە، ئەم تەتەرە خۆبەخشە. وێڕای ئەوەی کەخۆشی کوڕەکەی کوژراوە، بەڵام بەوزەوە ئەم کارە قورسە رادەپەڕێنێت، چونکە ماڵێکی هەبوو کەتیایدا کەسێک، هاوسەرەکەی، لەنواندنی (مریەم بووبانی) چاوەڕێی دەکرد. بەڵام لەکۆتایدا کەدەبینێت ماڵەکەی و هاوسەرەکەی تێچونە، دەست بەگریان دەکات و بەتاڵ دەبێت لەوزەو خۆشی دەبێتە وەرگر و بەکارهێنەری رادیۆ.

بەگشتی دەتوانین بڵێین، «سرتە لەگەڵ با» فیلمێکە هەموو گۆشە و پێکهاتەکانی لەسەر بناغەی دژبەیەکی داندراوە. تەنانەت لەهاوکێشەی (چیرۆک+فۆرم) کەدووانەی پێکهێنەری سەرەکی هەر فیلمێکن، ئەم چەندە دەبیندرێت، بۆیەش هەست دەکرێت چیرۆک بە قوربانی فۆرم کراوە. ئەگەر تەنیا لەم چەندەدا، بەشێک لەو گرنگیەی بەفۆرم دراوە، بەچیرۆک و هێڵی درامی درابایە، فیلمەکە دەبوو بەشتێکی دیکە!



# نیوەی مانگ و
# گوزارشتی مردن

عەدنان عوسمان

لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ کۆمەڵێک کۆت و زنجیر بۆ مرۆڤەکانی ئەو وڵاتە بوون بە یاسای ناماقوڵ و نەویستراو، بەندکردنی ئافرەت و ڕێگەگرتن لە ممارەسە مرۆییەکان و مافە سروشتیەکانی بۆتە دیارترین یاساکانی شۆڕشی ئیسلامی کە بە زۆرداری بەسەر هاوڵاتیانی ئەو وڵاتە سەپێندراوە.

قەدەغەکردنی ئافرەت لە کاری هونەری و گۆرانی گوتن بۆتە سیمایەکی ناشرین و ڕەنگدانەوەی قێزەوەنی لێ کەوتۆتەوە، ئافرەت تەنها بۆی هەیە لەو شوێنانە گۆرانی بڵێ کە ئامادەبوانی تەنها ئافرەت بن.

وەک بینیمان فیلمی (نیوە مانگ) بە هێمنی و گێڕانەوەیەکی سینەمایی بەرز، باس لەو خاڵە هەستیار و ترسناکە دەکات، هەربۆیە وەک بەهمەن قوبادی دەڵێت: (نیشاندانی ئەو فیلمە لە تەواوی ئێران قەدەغە کرا).






دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام لە ساڵی ٢٠٠٣ مامۆ کە موزیکژەنە و شێتی موزیک و گۆرانییە و هەست بە هەموو جوانیەکان دەکات، هەمیشە لەگەڵ کوڕەکانی هەوڵ دەدەن دڵی کەسانی دیکە خۆش بکەن و لە بۆنەو ئاهەنگەکانیان بەشداری بکەن.

مامۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەیەوێ گروپێکی موزیک و گۆرانی ڕێکبخات و بچێتە باشوری کوردستان لە سەر قەڵاتی هەولێر ئاهەنگێک ساز بکات و بەشداری خۆشی برا کوردە تازە ئازاد بووەکانی بکات.

بەم شێوەیە پێویستی بە گۆرانی بێژێکی ئافرەت دەبێت کە هەستی نزیک بێت لە مامۆ و وەک پەرییەک گوزارشت لە جوانی و پاکی و دڵسۆزی بکات، بەڵام ئاخۆ ئەم کارەی مامۆ لەلایەن پاسەوانی سنوری ئێران دووچاری چ کاردانەوەیەکی نێگەتیڤانە دەبێت، لەوێوە بەدەستی پاسداران هەموو ئامێرە موزیکیەکانیان دەشکێنرێن و گۆرانی بێژە ئافرەتەکەش ئاشکرا دەبێت.

بەڵام مامۆ وەک کەسێکی نەتەوەیی بڕوا بەهێز بە نەبوونی سنور و یەک پارچەیی کوردستان دەیەوێ لەڕێگای یەکێک لە گوندەکانی باکوری کوردستان بچێتە باشور، لەوێ کچێک ڕێ نیشاندەری دەبێت کە خاوەن قورگ و دەنگێکی زێڕینە و دەرهێنەر زیرەکانە لەو کچە جوان و دەنگ بەسۆزە، وێنەی کچە پەریەکمان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەو ڕێنیشاندەری دەبێت بۆ گەیشتن بە ئاوات و سەفەر بۆ باشوری کوردستان...لە هەمان کاتیشدا ڕێنیشاندەری مامۆ دەبێت

# شیکردنەوەی فیلم



بۆ مــردن، ئەو حاڵەتە ڕێک لە پارچە موزیکــی (Requiem ی مۆزارت) دەچێــت کە زۆر کەس پێیانوایە مۆزارت لەسـاڵی ١٧٩١ ئەو پارچە موزیکەی تایبەت کردووە بە مەراسـیمی ناشتنی خۆی، بەم شێوەیە بەهەمەنی قوبادیش موزیک دەکاتە ئاواتێکی جوان و مرۆڤدۆستانە و لەیەکتر گەیشتن، لە هەمانکاتدا پێمان دەڵێ کە ڕۆحی مرۆڤ هەسـت بە موزیک دەکات و حەزی لە ئاوازی بە جۆشــە و دەتوانێ مرۆڤ ڕاپێچی مردن بکات، کەچی مردن قێزەوەنە بەڵام بە موزیکەوە لامانی جوان دەکات، بۆیە کاتێ کە مامۆ خۆی لە نێو گۆڕەکە درێژ دەکات گوێی لە دەنگی بەسـۆزی کچەکە دەبێت حەز دەکات نەیەتە دەرەوە و لەوێ گیانی خۆی بسپێرێ.

قوبادی دەڵێ: مامۆ وەک خۆم دەبینم، منیش لەمردن دەترسـم کاتێ بەڕێگا ڕێدەکـەم مردنم لە بیرە کاتێ کاردەکەم هەر لەبیرمە کاتێ کە دەمەوێ بخەوم هەر لەبیرمە ڕقم لێیەتی و شێتی موزیکیشم.

ئـەو حاڵەتە ڕێک لە دەرهێنــەری بەناوبانگ (ئینگمـار بێرگمان) زۆر نزیکە ئەویش لە زۆربەی فیلمەکانی باس لە مردن دەکات، وەک مۆتەکەیەک وەسـفی دەکات کــە مرۆڤ هەرچی بکات و چــۆن هەوڵبدات مردن ڕێگەی پێ دەگرێت و دەسـت بەرداری نابێت، لە فیلمی (حەوتەمین مۆر) بێرگمان مردنی کردۆتە کارەکتەرێک و شـەترەنج لەگەڵ کەسـایەتی سـەرەکی ئەو فیلمە دەکات، بە بردنەوەی مردن لە یاریەکە، کەسایەتی سەرەکی دەبێت گیانی خۆی ببەخشێ، هەر چەندە خۆی لەو کێبڕکێیە دەدزێتەوە، بەڵام مردن وازی لێ ناهێنێ.

قوبادی لەسـەر زاری پاڵەوانی فیلمی نیوەی مانگ، پێمان دەڵێ: کە لەسـێ گۆشـەی باکور و باشـور و ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان گوندێک هەیە کە ١٣٣٤ گۆرانیبێـژی ئافـرەت لە تـاو زۆرداری و نەبوونی ئازادی و سانسـۆر خۆیان حەشارداوە و بە ئازادی دەژین.

لێـرەدا مەرج نییە کە ئـەو ڕوداوە واقیعی بێت بـەڵام تێڕوانینێکی مەجازیە دەرهێنــەر دەیەوێ لە نێو وێنە و چیرۆکی سـەرنجڕاکێش چەند ڕسـتەیەکی سینەماییمان پێ بڵێ و گوزارشت لە ناخی خۆی بکات، وەک هەموو جارێکیش دیمەنی سروشـت دەبێتە ماستەر و باگراوندی گێڕانەوەی سینەمایی، هەورەها سـەرما و سـۆڵە و بەفر و هەوراز و نشێوی سـەخت، خزمەت بە چیرۆک و ناوەڕۆکـی بابەت دەکەن، ڕەنگ و روناکی. شـەو و ڕۆژ..روناکی سروشـتی هەموویان ئەتمۆسفێری فیلمەکە پێکدەهێنن.

مامۆ وەک هەر هونەرمەندێکی ڕاسـتەقینە سۆفیگەریانە دەیەوێ دڵسۆز بێت و کارەکانی بەرهەمداربێت و ئەفراندن بکات بەڵام بەربەسـتەکان ئەوەندە زۆرن بۆیە گەیشـتن بە ئامانج ئەسـتەمە و خەونێکـی دوورە، ڕەنگە ئەو دوورییە ئەوەنـدە بێت کــە لەدوای مەرگیش هــەر تەواو نەبێت. یـان ڕەنگە قوبادی مەبەستی ئەوەبێت تا ئەو ڕۆژەی دەمرین هیوا و ئاواتەکانمان نایەتە دی.



